**سێکتەری ڕاگەیاندن**

ئەم بوارە خزمەتگوزارییە هەموو ئەو بینایانەی سەر زەوی و ژێر زەوی وەزارەتی پۆست و ڕاگەیاندن ئەگرێتەوە کە بۆ گەشە سەندنی
بواری ڕاگەیاندن و
بواری پۆست و
بواری تەلەفۆن و لاسیلکی و
بواری ڕادیۆ، ئەگرێتەوە.

بەگوێرەی بڕی بەرهەمهێنان لە باکووری عێراق، بواری خزمەتگوزاری Telecommunication لە 10 ساڵی ڕابووردوودا پشکێکی کەمی بەرکەوتووە. بەتایبەتیش کە بوارەکە لە ساڵانی 1990 تا 2000 بە تەواوەتی پشتگوێ خرابوو.

گرینگی بەم بوارە لە داهاتوودا بە سوود وەرگرتن لەسیستمی ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو زیاد ئەکات. هەروەها شێوەی Digitalisation بۆ تۆڕەکانی تەلەفۆن و مۆبایل بە تایبەتی بۆ هەردوو کۆمپانیای خۆماڵی Kurdtel و Sanatel ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ ئەبینێت. بۆ ئەم مەبەستە بینای نوێ و نوێ کردنەوەی بینا درووستکراوەکان پێویستن.

خەمڵاندنی بوودجەی پێویست بۆ ئەم خزمەتگوزارییە کارێکی گران و سەختە و پەیوەستە بە داواکارییەکانی دانیشتوانەوە.
لە بواری High Building Construction دا بودجەیەک کە بڕەکەی ئەگاتە نزیکەی $ 240,32 Mio. US و لە بواری Undergrounding دا نزیکەی $ 196,63 Mio. US تا ساڵی 2015 پێویستن.

بەرهەمهێنانی دوورودرێژ لە مەجالی پۆست دا ئەبێت، هۆکارەکانیشی ئەگەڕێتەوە بۆ:
- داواکاری دانیشتوان،
- تەکنیکی تازەی پۆست و تەلەفۆن

بە چ ڕادەیەک بینا درووستکراوەکانی بواری خزمەتگوزارییەکە نوێژەن ئەکرێنەوە و لە کاتی بەراووردکردنیاندا پێویستی درووستکردنی بینای نوێ بۆیان دێتە کایەوە، ناتوانرێت بە ئاسانی بخەمڵێنرێت، بەڵام بەهۆی
- درووستکردنی بینای نوێ،
- زیاد کردنی هێڵی تەلەفۆن و تۆڕەکانیەوە،
پێویستی بەرهەمهێنان لە بوارەکەدا زیاد ئەکات.

بەمجۆرە Preservation Need تا ساڵی 2015 پێویستی بە $ 436,97 Mio. US و Extension Need پێویستی بە $ 728,25 Mio. US هەیە.

Saiwani